# ڕێ و ڕەسمی جێژنی قوربان زۆر بە گەرمی و ڕێزەوە لە بنکەی سەرکردایەتی سازمان بەڕێوەچوو



بەیانی رۆژی دووشەممە ۱۸ی سەرماوەزی ۱۳۸۷ـ ۸ی دیسامبری ۲۰۰۸، بەرێز ماموٚستا سەید جەلال الدین حسینی بە بەشداری کادری رێبەرایەتی سازمان و پێشمەرگەکان لە بنکەی سەرکردایەتی، نوێژی جێژن و ووتاری ئەو رۆژە پیرۆزەی خوێندەوە و لە پێوەند بە جێژنی قوربانی پیرۆز و فەلسەفەی ئەو رۆژە، بۆ ئامادەبووان دووا و داوای لە خوای گەورە کرد، بەبۆنەی ئەم رۆژە گەورە و ئەو یادە مەزنە کە یادی قوربانی کردنی ئیسماعیلی خەلیل، لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوەیە، یارمەتی گەلانی ستەم لێکراوی ئێران بدا لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی.
هەروەها لە چەند رۆژی جێژندا، بەرێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمان و ئەندامانی رێبەرایەتی، پێشوازیان لە میوانە بەرێزەکان کرد، کە بەبۆنەی جێژنەوە سەردانی بنکەی سەرکردایەتی سازمانیان کردبوو.
هەربەبۆنەی جێژنی قوربانەوە سکرتێری گشتی سازمان پێوەندی تەلەفوونی لەگەڵ ژمارەیێك لە دۆستان و ئەندامانی سازمان لە ناوخۆی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق و لە وەڵاتانی ئوروپایی پێ گەیشت و بەرێزیان سەرکەوتنی دۆستان و ئەندامانی سازمانی خەبات لە پێناو خزمەت بە گەلی کورد و سازمانی خەباتی بە ئاوات خواست.

❊❊❊

# چەند چالاکی دەفتەری نوێنەرایەتی سلێمانی سازمانی خەبات





رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ۲۰۰۸/۱۱/۲۶ بەرێز محمدی ساحیبی بەرپرسی پێوەندییەکان و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هاورێیتی فواد خاکەبەیگی جێگری بەرپرسی پێوەندییەکان سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی سازمان لەشاری سلێمانیان کرد و لەلایەن بەرێزان سەیید کامیل نورانی فەرد بەرپرسی پێوەندییەکان و ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و موختار موسەنەفی ئەندامی سازمان بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. لەودیدارە دا لەسەر مەسەلە و روداوەکان لەپێوەند بە جوڵانەوەی گەلی کورد و ئێران ئالوگۆری بیروراکرا و لەکۆتایی دا لەسەر دۆستایەتی زیاتر و بەرینکردنەوەی پێوەندییەکان پێداگیراوە.
هەروەها رۆژی پێنج شەممە ۲۰۰۸/۱۱/۲۷ لەسەر بانگهێشتی بەرێوەبەرانی دوازدەهەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ دەفتەری پێوەندییەکانی سلێمانی سازمان لە مەراسیمی کۆتایی ئەو فیستیواڵە بەشداری کرد. فیستیواڵی گەلاوێژی ئەمساڵ لەژێر دروشمی، گەلاوێژ، سەکۆیێك بو لێك نزیك کردنەوەی کلتورە جیاوازەکان، لەژێر چاودێری بەرێز مام جەلال تاڵەبانی درێژەی بەکارەکانی دا و رۆژی پێنج شەممە خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەش کرا. جێگەی باسە ئەمساڵ رژیمی ئاخوندی رێگەی بە نووسەران و شاعیرانی کورد و ئێرانی نەدا لەو فیستیواڵە دا بەشداری بکەن.
رۆژی هەینی رێکەوتی ۲۰۰۸/۱۱/۲۸ هەیئەتێکی پارتی ئازادی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەرێزان رزگار عەبباس زادە و خەلیل نادری بەرپرسی نوێی پێوەندییەکانی پارتی ئازادی لەسلێمانی سەردانی بارەگای پێوەندیەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن بەرێزان سەیید کامیل نورانی فەرد بەرپرسی پێوەندییەکان و کاك خالید زەندی ئەندامی پێوەندییەکانیەوە پێشوازییان لێکرا. لەوسەردانەدا لەسەر بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بەگشتی ئالوگۆری بیرورا کرا و لەکۆتایش دا هەردوولا لەسەر پێوەندی زیاتر و هاوکاری نێوان سازمانی خەبات و پارتی ئازادی پێیان داگرت.

# دزین و بە تاڵان بردنی داهاتی نەوت لە ئێران

داهاتی میلیارد دولاری نەوت، بە بەردەوامی بۆتە هۆی کێشە لە نێوان باندەکانی دەسەڵات، هەر تاقمێك لە سەرەوە بووە و دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە، دەستی داوەتە تالان کردنی داهاتی خەڵکی ئێران. دیان پێدانانی ژمارەیێك لە بەرپرسانی ئێستا و بەرپرسانی رابردووی رژیمی ئاخوندی و رۆژنامە و بڵاوکراوە حکومەتیەکان، بەشێکی کەم لەو تالان کردنەیان نیشان دەدا.
سەرنج بدەنە راپورتی تلویزیونی سیمای ئازادی کە لەو پێوەندە دا بڵاوی کردووەتەوە. پێشەکی ئیشارە بە چند لایەنی ئەو دزی و بە تاڵان بردنە کە لە چەند رۆژی رابردوودا ئاشکرا بوون کراوە.
بیژەنی نامداری زەنگەنە وەزیری نەوتی پیشوو لە کابینەی ئاخوند خاتمی لە پێوەند بە ئەحمەدی نژاد دەڵێ: تەنیا لە سێ ساڵ و نیوی رابردوو، داهاتەکان لە فروشتنی نەوت بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد زیاتر لە ۲٦۰ میلیارد دولار بووە، کە بە لانی کەمەوە دەبێ ۱۷۰ میلیارد دولاری لە حیسابی زەخیرەی ئێران هەڵگیرابێ، بەڵام لە کردەوەدا ئەوە رووی نەداوە.
بە ووتەی (نامداری زەنگەنە) لە کاتی دۆزینەوەی نەوت لە ئێران تا ئەمڕۆ، نرخی تەواوی نەوتی (دەرهێندراو)، ۱۰۰۰ میلیارد دولار بووەکە ٦۰۰ میلیارد دولاری لە دەورانی دەسەڵاتی ئاخوندیدا بووە. (ستاری فر) سەرۆکی پێشووی سازمانی گەلاڵە دارشتن و بەرێوەبەریی رژیم، ئەو سازمانەی کە بە دەستوری پاسدار ئەحمەدی نژاد هەڵوەشێندراوە، ئیعترافی کرد، لە ئێران پووڵی پاشکەوت نیە. پووڵی ئێران لە فرۆشتنی نەوت لە سێ ساڵ و نیوەی رابردوو سەرجەم ۲۵۵ میلیارد دولار بووە کە بە هۆی ناکارامەیی بە تاڵان براوە.
محمد رەزا عارف جێگری ئاخوند خاتەمی لە حکومەتی رابردووی ئاخوندان دەڵێ: روون نیە کە دەوڵەتی نۆیەم چی لە زیاتر لە ۲۰۰ میلیارد دولار لە داهاتی نەوت لە ماوەی سێ و ساڵ و نیوی رابردوودا کردووە.
دەبێ لە محمد رەزا عارف بپرسین ئەو خاڵانەی ئیشارەی پێ دەکا، قسەی تاقمی خاتەمی دژی خامنەیی و ئەحمەدی نژادە، ئایا بێدەنگی وەلی فقیە و ئەحمەدی نژاد بە مانای سەلماندنی ئەو راستیانەن کە داهاتی نەوت بە تاڵان رویشتووە؟ لە بەرانبەردا باندو تاقمی وەلی فقیە بێ دەنگ دانیشتوون، هەرچەند



وڵامێکیان بۆ بە تاڵان بردنەکان نیە، بەڵام ئەوەش سەرچاوەی لە شەڕی مافیایی باندەکانی دەسەڵاتەوەیە.
هەواڵدەری حکومەتی فارس لە بابەتێکدا لە ژێرناوی " کۆبوونەوەی ئەوانەی ۵۰ میلیارد دولاریان لە پاشکەوتی ووڵات بردوە" بڵاو دەکاتەوە: کە کەسانێك ئەمڕۆ لە جێگەی رەخنەگرانی دەوڵەت خۆیان دەرخستووە، لە بیریان کردووە کە لە ساڵەکانی ۱۳۷۹ تا ۱۳۸٤ ی کۆچی خۆری، چۆن و بە چ هۆیێك ۵۰ میلیارد دولاریان لە پووڵی پاشکەوت لە فروشی نەوت هەڵگرتووە. دەوڵەتی خاتەمی لە دوو ساڵی دوایی تەمەنی حکومەتەکەی واتە لە ساڵەکانی ۸۲ و ۸۳ دا نزیك بە ٦۰۰ میلیارد دولار لە کۆی ٦٤ میلیارد دولار لە داهاتی نەوتی ووڵاتیان خەرج کردووە.
لە ئاکامدا بەرێوەبەری تلویزیۆنی ناوبراو میوانەکەی ئەوە ئاشکرا دەکەن، ئەو میلیاردها دولارە بۆ کەیف و عەیشی ئاخوندان و سیاسەتە ئاژاوەگێڕیەکانیان، خەرجی گەلاڵە ناوکەییەکان، تروریست، ناردنی بناژۆخوازی و میلیۆنها دولاری لە عێراق و لوبنان و فەلەستین خەرج کراوە. هەروەها خەرجی سەرکوت کردنی خەڵك و زیاد کردنی بودجە ئەمنیەتی و خەرجی کردەوە تروریستیەکان لە بەرانبەرمقاومەتی شۆرشگێڕانەی گەلانی ئێران کراوە.

***

# هێزی بەسیجی، ئۆرگانی سەرکوت و جینایەت



دەسپێکی مێژووی دروست بوونی بەسیج لە ئێران بە فەرمانی خومەینی دەگەڕێتەوە بۆ چواری سەرماوەزی ۱۳۵۸. خومەینی پاوانخواز. لەو کاتەدا لە بەشێك لە قسەکانیدا گوتی: ووڵاتی ئیسلامی دەبێ هەموو خەڵکەکەی نیزامی و سەربازی بێ. ئەبێ نەتەوەی ئێمە و لاوەکانمان تەیار بە چەك بن و جیاواز لەو باوەڕەی کە هەیانە دەبێ دەستیان بە کەرەستە مادیەکانیش رابگا. هەروەها گوتی هەر میللەتێك ئەگەر ۲۰ میلیۆن لاوی بوو، دەبێ ۲۰ میلیۆن چەکداریشی هەبێ. بەدوای ساڵێك لە قسەکانی خومەینی، شورای بەناو شۆڕشی ئیسلامی لە رێکەوتی ۱۳۵۹/٤/۱۹ دامەزراندنی سازمانی بە ناو بەسیجی پەسەند کرد تا ئەو بە ناو رێکخراوە لە پاراستنی رژیم و مەهار کردنی جولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران، وێڕای دەیان ناوەندی سەرکوتگەری دیکە دەور بگێڕێ. لە بەفرانباری ساڵی ۱۳۵۹ بە پەسەند کردنێکی بەناو مەجلیسی شورای ئیسلامی، سازمانی بەسیجی میللی ناوەکەی گۆڕدرا بۆ یەکەی بەسیجی لاوازە بیٚدەسەڵاتەکان و تێکەڵ بە سوپای پاسداران کرا و فەرماندەیێکەشی درا بەو سوپا سەرکوتگەرە. یەکەی بەسیجی لاوازەکان تا ساڵی ۱۳٦۹ درێژەی دا بە کاری سەرکوتگەرانەی خۆی تا لەو ساڵەدا هێزی بەرەنگاری بەسیج بووە جێگرەوەی یەکەی بەسیج و یەگانێکی سەربەخۆ وەکو یەکێك لە هێزەکانی ۵ لایەنی سوپا، ئەرکی هەموو کاروباری پەیوەند بە بەسیجی وە ئەستۆ گرت و هەر ئێستاش درێژە بە کارە سەرکوتگەریەکانی دەدا. یەگانە سەرکوتگەرکانی وەك گوردانی عاشورا و الزهرا بە جۆرەها چەکی پێشکەتوو بۆ گیان ئازادیخوازان تەیار کراون و مانۆڕەکانیان لە ساڵدا چەند جارە و لە جەریانی مانۆڕدا چەندین دەوەری ترۆریستی و خۆکوژی و کوشتن ئەنجام ئەدرێ. گوردانی الزهرا پێك هاتووە لە بەسیجی ژن. لە ماوەی رابردوو چەندین مانۆڕ لە تاران بۆ ئەو یەکە سەرکوتگەرەی ژنان ئەنجام دراوە کە ئامانج لەو مانۆڕانە، خۆ ئامادە کردن بووە بۆ بەرەو رووبونەوە لە گەڵ حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران. زیاد بوونی مانۆڕە شاریەکانی بەسیج لە دوای ئەوەوە دێت کە کە گەلاڵەی جیرەبەندی کردنی بنزین و هێندێك لە شتومەکەکان هاتە ئاراوە. لێپرسراویەتی سەرەکی سوپا ئورگانەکانی رژیم بەرەورووبونەوەیە لە گەڵ ئاخێزی خەڵکانی ئێران. لە ئیستراتێژی ویلایەتی فەیە دا سەبارەت بە سوپا هاتووە کە کاری ئەو یەگانە لە گەڵ رابردوو جیاوازی هەیە و دەبێ هێزەکان لە دامرکاندنەوەی نارەزایەتیە ناوخوییەکان دا کارا بن و لە کاتی پێویستدا بچن بە یارمەتی ئەرتەشەوە. هێزی بەسیجی رژیم کە وەك هێزی ۵ لایەنەی سوپا ئەرکی پارێزگاری لە رژیمی ئاخوندیە بە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی نالەباری ئابوری ئێران و رێژەی بێکاری بەرچاو لە ناو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێك هەڵخەڵەتاوی بە هێزی پووڵ و پارە کڕیوە و لە گیان خوێندکارانی ئازاد بیر و خەڵکانی ئازادیخواز و مافخواز بەرداوە. محەممەد رەزا مەردانی سەرۆکی بەناو سازمانی بەسیجی دانشجویی گوتوویەتی کە ئێستا ٦٤۹ هەزار خوێنکاری بەسیج لە ۲٦۰۰ دەفتەری دانشجویی هەڵکەوتوو لە ۷۰۰ زانستگای سەرانسەری ئێران سەرقاڵی کارن. بە دوای ئالۆزیەکان لە سەرەتای دەستبەکار بوونی خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری ئاخوند رەفسەنجای لە ساڵی ۷۳و ۷۲ فەرماندەکانی سوپای رژیم بە پێك هێنانی گوردانەکانی عاشورا و الزهرا کە سەرەتا پێك هاتبوون لە پیاوان و دووهەمی لە ژنان، هێزێکی دڕندە و سەرکوتگەری تایبەتیان پێك هێنا. ئەو تاقمانە لە ساڵەکانی دواییدا لە تەزاهوراتی خەڵکی قەزوین و کوردستان، کەڵکیان لێ وەر گیرا.
پوشپەری ۱۳۷۸ کاتێك هێرش کرایە سەر شوێنە خەوی خوێندکاران لە زانستگای تاران و تەورێز و چەند شاری دیکە و بە دوایدا خوێندکاران دەستیان دایە تەزاهورات، گوردانەکانی عاشورا یەکەم دەوری سەرکوت و دڕندەییان گێڕا. لە کاتێکەوە کە بە هۆی قەیرانی ئابوری و مەسەلەی ناوکەیی ئەو ووڵاتە، جەوێکی دیکە باڵی بە سەر رژیمدا کێشاوە، تاو دراوەتەوە تەیار کردنی هێزەکانی سەروە سوپا یەك لەوان بەسیج و بە جۆرەها شێوە ئامادەیان دەکەن. ساڵی رابردوو مەجلیسی رژیمی ئاخوندی بە دانی بڕیارێك مۆڵەتی دا بە سوپای پاسداران کە بە بڕی ۳۵۰ میلیۆن دولار لە سەر حیسابی زەخیرەی ئەرزی بۆ بەهێز کردن و تەیار کردنی گوردانی عاشورا و الزهرا خەرج بکات. رژیمی ئاخوندی کە لە هەموو بارێك و لایێکەوە کەوتوتە بەر قەیران و بوحران، بە پشت بەستن بە هێزی سەرکوت و مەهار بوونی لە دەست نارەزایەتی ئازادیخوازانەی خەڵکانی ئێران ماوەیێکە بە چروپڕی تاوی داوەتە کۆ کردنەوەی هێز و بە خەرج کردنی سامانی خەڵکی ئێران لەو رێگەدا تەواوی هێزی خستۆتە کار کە کۆنە جاش و خەڵکانی نەفس نزم و پووڵ پەرەستی دیکە لە کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، تا بەڵکو بتوانێ پێش بە رەوتی ئازادیخوازی بگرێ و لەو زیاتر رِقی پەنگ خواردووی خەڵکی کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران کلپە بکات.